www.kurdistannet.org
12-4-2007 21:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گلەیی بی لێت كوردستان نێت.... داستان كوێستانی

ستۆكهۆلم

هەمیشە وەك سەربازێكی ون بە ئەركی خۆم زانیوە بەرگری بكەم لە ماڵپەڕی كوردستان نێت و بەردەوامیش بووم لەم كارەم و زۆر بە توندی وڵامی ئەو قەڵەمە ناپاكانەم داوەتەوە كە بە مەبەستەوە سوكایەتیان كردووە بە كوردستان نێت و ئەو نوسەرە بەڕێزانەی كە ساڵانێكە لەم ماڵپەڕەدا زۆر لەخۆ بوردوانە، جوانترین و توندترین ڕەخنە لە دەسەڵات و ئەو لایەنە دەگرن كەپەیوندیدارن بە و كارە دزێوو گەندەڵیانەی كە بەرۆكی گەلەكەمانی گرتوە بێگومان ئەم جۆرە ڕەخنانەش لە چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەوانی و دوور بوە لە ناو زڕاندن، بەڵام بەداخەوە وا ئێستا كۆمەڵێك نوسین و بابەت لەم سایتەدا بڵاو دەكرێنەوە كە وایان لەمن و دەیان نوسەری تری ئەم ماڵپەڕە كردووە كە نەك بەرگری بكەین لەم ماڵپەڕە بەڵكوو بمان ڕەنجێنن و كەمتر لە جاران سەردانی بكەین كە خەریكن بیكەنە گۆڕەپانێك بۆ ململانێی سیاسی و ملشكاندنی خەڵكی تر بۆ بەرژەوەندی حزبەكەی خۆیان یان مەبەست ئەوە بێت حەز بكەن جارێكی تر شەڕی ناوخۆ لە ماڵپەڕەكانی ئینتەر نێت هەڵگیرسێننەوە.

1-ئەم ماوەیە چەند جارێك بینیمان چەند قەڵەمێكی ناپاك نوسینی قێزەونیان لەم سایتەدا بڵاو كردووە كە بەدەرە لە نەریتی كوردستان نێت و دوور لە ئامانجی كوردستان نێت لە چەندرۆژی ڕابردوو كۆمەڵێك سوكایەتی كرا بە (دكتۆر بەرهەم) كە بەڕاستی بە بینینی ئەو نوسینە ناشیرینانە تێكڕامان توشی شۆك بوین چونكە كوردستان نێت هەرگیز بڕوای بە جنێودان و جنێو فرۆشتن نەبوە، خۆشبەختانە دووای چەند كاتژمێرێك كاك هۆمەر ڕونكردنەوەیەكی بڵاو كردووە و دەركەوت كە هەندێك كەسی نەفس نزم ویستویانە سیمای كوردستان نێت ناشیرین بكەن و كۆدەكەیان دزیوە ئەوەیان بۆ جێی خۆشحاڵیمان چونكە هەمومان چاوەڕوانبوین كاك هۆمەر ڕونكردنەوەیەك بڵاو بكاتەوە لەم بارەیەوە كە زیاتر دڵنیا بوین لە وەی كە كوردستان نێت لەم كارە دزێوانە دوورە.

2- دووای لێدوانەكەی بەڕێز كاك مەسعود سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەبارەی دەستێوەردانی توركیا لە كاروباری كەركوك و پەیوەندیە تەلەفۆنیەكەی بەڕێز مام جەلال سەرۆك كۆماری عیراق لەگەڵ ئەردۆگان هەر لەم بارەیەوە، لە ڕۆژی 2007/4/11 (8) هە شت بابەت لەسەر مام جەلال بڵاو كرایەوە لە ماڵپەڕی كوردستان نێت كە تێكڕایان ڕەخنە نەبون بەڵكوو سوكایەتی كردن بوون بە كەسایەتی مام جەلال. هەڵبەت منیش لەگەڵ ئەوەدام كە مام جەلال و كاك مەسعود خەتی سور نین بۆ ڕەخنە گرتن بەڵام ڕەخنەش یاسای خۆی هەیە و ناكرێت هەموو سنورەكان ببەزێنرێن بەتایبەت لەساتە وەختی ئاوادا كە ڕەنگە تەنها خودی كاك مەسعود و مام جەلال بتوانن شێكاری بۆ بكەن كە ڕەنگە بەر لە وتەكانی هەردوولا ڕێككەوتنی لەسەر كرابێت.

3- كوردستان نێت هەمیشە خۆی پاراستوە لە جنێو فرۆش و هەلپەرستان ئیتر نازانم بۆ لە ڕۆژێكدا 8هەست جنێو نامەی بڵاو كردەوە، دڵنیام لەوەی كە كاك هۆمەر فریای خوێندنەوەی هەموو بابەتەكان ناكەوێت بەڵام جێی خۆیەتی جنێو نامەو سوكایەتی نامە لە بابەتی تر جیا بكرێنەوە و ئەو ماڵپەڕە بێگەردەی پی ناشیرین و گەرداوی نەكرێت.

لەكۆتایی دا هیوادارم كاك هۆمەر لێمان زویر نەبێت بۆ ئەم ڕەخنانە بەڵام ناشكرێت ڕەنجی ئەم هەموو نوسەرە بەڕێزانە بە فیڕۆ بدات و وا بكرێت بە خوێندنەوەی ئەو جۆرە نوسینانە بێتاقەت بین و واز لە نوسین و سەیركردن بێنین لە كوردستان نێت وەك هەموو لایەكمان دەزانین لە ئێستادا كوردستان

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نێت بۆتە مینبەرێك بۆ گۆڕینەوەی ڕاكان بۆیە تكادەكەم كە ئەم دەروازەیە دابخرێت چونكە ئەو جۆرە نوسینانە تەنها بۆنی باروتی براكوژی لێدێت كە چەندین ساڵ بۆنمانكرد.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.